

لە ڕێکەوتی 8ی مارسی 2009 بە ئامادەبوونی هەر یەك لە تەها بەرواری وەزیری وەرزش و لاوان و جۆرج مەنسور وەزیری هەرێم بۆ کاروباری مەدەنی و د . شەفیق قەزاز سەرۆکی ئەکادیمیای کوردستان و ژمارەیەکی زۆری پەرلەمانتاری ئافرەتی کوردستان بارەگای نوێی سەنتەری خاتوزین بۆ پرسی ئافرەت کرایەوە و لە مەراسیمێکی تایبەتدا لە هۆڵی بۆنەکانی سەنتەر یادی ڕۆژی جیهانی ئافرەتان کرایەوە بە داگیرساندنی مۆم لەسەر مێزی میوانان و نمایش کردنی چەند دەقێکی شانۆیی تایبەت بە کێشە کۆمەڵایەتیەکانی ئافرەتی کورد ، دواتر تیپی میوزیکی سافی بە چەند ئاوازێکی ڕۆژهەلاتی کۆتاییان بە برگەکانی ئاهەنگە هێنا. سەبارەت بەکردنەوەی سەنتەری خاتووزین و بیرەوری (8) مارس هەندێ لە ئامادەبووانی ئەو ئاهەنگە بۆگۆڤاری خاتووزین هاتنە پەیڤین.

# کردنەوەی بارەگای نوێی سەنتەری خاتووزین



بریاردەری لێژنەی داکۆکی کردن لە مافی ئافرەتان لەپەرلەمان: کوردستان پیرداوود : سەنتەری خاتووزین لەو کاتەوەی دامەزراوە خزمەتێکی زۆری ئافرەتی کوردی کردووە و ئیشی زۆرباش دەکەن من بەباشی ئاگاداری ئیشەکانیانم بەتایبەتی خاتوو (چلورە). زۆر کێشەش دێتەلامان و ئێمە پێی ئاشنادەبین بەهۆی سەنتەری خاتووزین و (رادیۆی زین )ەوەکە ئەوان دەرخەری زۆرێك لەکێشەکانی ئافرەتن.بۆیە من وەکو ئافرەتێك و وەکو پەرلەمانتارێك زۆرلێتان رازیم. ئەوان هاوکاربوونە بۆهەموارکردنی یاسای باری کەسێتی 188ی ساڵی 1959 بۆیە هیوادارم نموونەیان زۆربێت .بەبۆنەی 8ی مارسیشەوە پیرۆزبایتان لێدەکەم وپەیامم بۆ ئافرەتانی کوردستان ئەوەیە کە یەکگرتوو ویەك هەڵوێست بن. گوێ بەبیروبۆچوون و درۆی پیاوان نەدەن و هەوڵ بدەن بەسەرکۆسپەکانی بەردەماندا زاڵ بن.

خاتوو خەمان : سەنتەری خاتووزین ئائێستا جێ پەنجەی دیاربووە و کۆمەڵێ کاری باشیان کردووە. ئەم سەنتەرە پرەنسیپ و هەڵوێستی خۆی هەیە و کاری لەسەری کردووە و هەوڵی بۆداوە بۆیە هیوادارم زیاترلەسەر پرەنسیپی یەکسانی ژن و پیاو مافی مرۆڤ و مرۆڤبون جەخت بکەنەوە و کاری لەسەربکەن هەرسەرکەوتووبن و دەستیان خۆش بێت.

دکتۆر(شوکریە رەسول) ئەندام پەرلەمان: ئەم دروشمە رابردوویێکی سەخت و داهاتوویەکی گەش دروشمێکی جوانی سەنتەری خاتووزینەو ئەوە دەگەیەنێ کەئەم سەنتەرە یەکێکە لەو سەنتەرانەی کە چالاکییەکی باشی هەیە و چەندین خول و وۆرك شۆپ کۆرو سمیناری باشی سازکردووە کۆمەڵێ چالاکی تریش وەکو (گۆڤار ورادیۆ و هتد..) ئەمانە جێگەی شانازین و من بە چاوێکی بەرزەوە تەماشای ئەم سەنتەرە



دەکەم چونکە ئەو کەسەی سەرپەرشتی ئەم سەنتەرە دەکا ئەقڵێکی کراوەی هەیە و دونیای بینیوە, دەزانێ رەوشی ژنان لە ئەورووپا و جیهان چۆنەو ئافرەتێکە مۆدێرنانە بیردەکاتەوە و تاقیکردنەوەی زۆری هەیە بۆیە زۆرجێگای دەست خۆشییە هەر ئەم سەنتەرە بوو کەلەکاتی کوشتنی دوعا وچەندین ئافرەتی ترو لەکاتی تاوتۆێ کردنی یاسای باری کەسێتیدا هەڵوێستی جوانی هەبوودو لەخەمی کێشەکانی ژنان دا بووە ئەمەش بۆ ئێمە جێگەی دڵخۆشییە. لەم یاددەشدا پەیامم ئەوەیە کاتی ئەوە هاتووە ئیدی سەنتەرو رێکخراوەکان وۆرك شۆپ و سیمینار بۆ پیاوان سازبدەن و قسە لەگەڵ پیاوان بکرێ وکاتی ئەوە هاتووە پیاوەکانیش وشیاربکەینەوە وپێیان بڵێین کە ئافرەت وشیارەو مافی دا هەیە و چیدی لەئاست مافەکانی بێدەنگ نابێ ئافرەتیش مرۆڤە هیوادارم سەنتەری خاتووزینش لەم رووە هەنگاوی ئەکتیڤ وجدی بنێ و هەوڵ بدات پیاو و کور وشیار بکاتەوە.

**نازناز محمد عەبدولقادر:** سەنتەری خاتووزین لەسەرەتای دروستبوونیەوە تا ئێستابەبێ پچران توانیوییەتی لەئاست پێویستیەکانی ژنان ومنداڵاندبێ وکاریان بۆ بکات. هەروەهاگەیاندنی پەیامی ئافرەتی رۆشنبیر بەژن و دەستەبەرکردنی رۆشنبیریی و گەیاندنی وشیاری بۆ ئافرەتان . توانیویشییانە هاوتەریب کێشەی نەتەوایەتی وکۆمەڵایەتی وئابووری پێکەوە لەچوارچێوەی کارەکانی خۆیاندا کۆبکەنەوە و بەردەوامیش چالاکییان هەبووە, بۆ نموونە: لەو کاتەکەدا هەرەشەی تورکیامان لەسەربوو سەنتەری خاتووزین لەپێشەوەی خۆپیشاندەران بوو, هەرکاتێکی تریش پێویست بووبێ ئەوان چالاکییان هەبووە . خاتووزین لای من زۆر گەورەیە و توانیوییەتی رۆڵێکی پۆزەتیڤ ببینێ لە پێشڤەچوونی کۆمەڵگاکەمان, توانیویانە هەم خەڵکی نوخبەو هەم خەڵکی گەرەکە میللییەکانیش بۆخۆیان رابکێشن. داواکارم لێیان کاری باشتر بۆکچ وژنان بکەن وهەوڵ بدەن کاری وابکەن کچان پێبگەیەنن ولەمەبەدواوش چاوەرێی کاری باشتر و جوانتریان لێ دەکەم .




**پشتیوان خۆشناو** ((سەرپەرشتیاری گرۆپی (سافی)): بۆمن جێگەی شانازییە کەلەگەڵ هاوسەرەکەم و کچەکانم و کۆمەڵێ کچی دیکەدا کاری هونەری دەکەین وسوپاسی سەنتەری خاتووزین دەکەین کەئەم هەلەی بۆمان رەخساند تابەهرەی ئەم کچانە دەربخەین. بەراستی ئەوان زۆر پێشتگیرییان کردین وهاوکارمان بوون, سوپاسیان